
16
پەرەسیلکە

# کـــــۆر ئـــــۆغلـــــۆ و هـەمـــزە کـەچـــەڵ

نووسینی : سەمەد بەهرەنگی

( بەشی دووهەم )

داستانی ڕفاندنی قیرات

ڕاپەرینی جنڵی بڵێیەکان بەرەبەرە فراوان دەبوو و گۆڕەپان لە بەردەم خانی گەورە تەنگ دەبوو , کاتێک بینی دەرفتی کۆرئۆغلو نایەت . ناچار نامەی بۆ هەموو خان و ئەمیر و سەرکردە و پاڵەوان و گەورەکانی لەشکر نووسی و داوای کردن تاکو کۆڕێک سازکەن و مشورێک بخۆن , کاتێک هەموو کۆبوونەوە و لە کۆڕەکەدا ئامادە بوون هەر کەسە لە شوێنی خۆی دانیشتا , خانی گەورە دەستی بە قسە کرد : « پیاو ماقوڵان , وەک ئاگادارن , ماوەیەکە دەستەیەک دز و ئاشوبگێر لە چیاکاندا کۆبوونەتە هێمنی و ئاسایشی مەملەکەتیان تێک داوە . ڕابەری ئەم دزە غارتگەرانە مەیتەر زادەی بێڕێ و شوێنە ناوی کۆرئۆغلوە و لە پیاو کوژی و دزی و تالاًندا وێنەی نییە , لە هەر جێگایەک و هەر گۆشەیەکی مەملەکەتیش دزێک , پیاو کوژێک , ئاشوبگەرێک هەبێ لە دەستەی ئەوان و سەر بە ئەوانە . دار و دەستەی کۆرئۆغلو ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر و ترسناکتر دەبێ . ئەگەر ئێمە دەست لە سەر دەست دانیشین , بەیانیە تا هەڵدەستین دەبینین جنڵیبڵێیەکان هەموو زەوی و ئەموالی ئێمەیان داگیر کردوە . ئەوساکە یان دەبێ خۆ گورج کەین و بۆی دەرچین یان دەبێ بچینە لای ئەو زێگر و ئاشوبگەرانە نۆکەری و خزمەتکاری بکەین . باوەڕ ناکەن خوا تۆزقاڵێک بەزەییشی خستبێتە دڵی ئەو تاوانبارانەوە .. خان و ئەمیر و سەر کردەکان , پالەوانان ئاگادارتان دەکەمەوە ئەو دز و ئاژاوا چیانە بەزەیی یان بە دایک و برای خۆیاندا نایەتەوە . ئەم مۆتەکەی کە وا مەملەکەتی خستۆتە مەترسیەوە وای لێ کردم فرمانی بەستینی ئەم کۆڕە بدەم . ئێستا تەگبیرمان بۆ ئەم کارە چیە ؟ چۆن دەتوانین ئەم دز و جەردانە تەمێ بکەین ؟ ئایا ئەم هەموو نەجیب زادە و خانە شکۆمەندانە , ئەم هەموو پاڵەوان و سەرکردانە دەرەقەتی کوڕە مەیتەرێکی بێ سەر و شویچن نایەن ؟ خان قسەکانی تەواو کرد و لە سەر تەختە بە جەوهێر ڕازاوەکەی دانیشت , دانیشتوانی کۆڕەکە چەپلەیان لێ دەدا و هاوار یان دەکرد : بژی خانی گەورە پاسەوانی ئاسایش و موڵک و میللەت !... مردن بۆ ئاژاوچیانی جنڵی بلْ ! ... هاواری کۆڕەکە دیوارەکانی هێنا بووە لەرزان , خانی گەورە بە جولاًنی دەست و سەری وەلاًمی خان و سەرکردەکانی دەدایەوە . پاش ئەوەی دەنگەکان کپ بوونەوە مشت و مڕ دەستی پێکرد . یەکێک ووتی : ئەگەر پارەیەکی زۆری بدەینێ کۆرئۆغلو دەست لە رێ گری هەڵدە گرێ . یەکێتر ووتی : ئەو زەوی و زاری دەوروبەری جنڵیبڵ بدەینە کۆرئۆغلو چۆنی ویست باج و خەراج لە خەڵکی بستێنێ و ئیتر تەنگ بە ئێمە هەڵناچێ .

یەکێکیان دەیوت : یەکێک بنێرینە لای کوێر ئۆغلو بزانین دوا قسەی چیە هەرچەندی پارە و پولی گەورەکە بیدەینێ و ئاشتی کەینەوە « حەسەن پاشا »ش لەم کۆڕەدا بوو . ئەو حاکمی توقات بوو . ئەو کەسە بوو کە حەسەن خان لە بەر خاتری ئەو چاوەکانی عەلی کیشی دەرهێنا بوو . حەسەن پاشا دەستە ڕاستی خانی گەورە بوو . لە زیافەت و میواندارییەکانی خانی گەورە هەمیشە لە سەری سفرە دادەنیشت و کاتێ کە خانی گەورە بی تاقەت دەبوو لە پشت سەرینی ئەودا دەستی لە ئەژنۆی وەردەهێنا وەو ڕاست یان درۆ خۆی خەمبار نیشان دەدا , فرۆفێلی لەشکر کێشی دەزانی . پیاوەکانی لەشکر یەک یەک لێی دەترسان وەک مەڕ و مالاًت گوێ ڕایەڵی بوون .




حەسەن پاشاش لەم کۆڕەدا بوو تا ئێستا قسەی نە کردبوو . خودکار گوێی پێشنیارەکانی هەموان گرت و لە ئەنجام دا ووتی : هیچ یەکێک لە پێشنیارەکانتان ئاشوبی جنڵیبڵ چارە ناکات . دەبا ئێستا گوێ لە حەسەن پاشا بگرین و بزانین چ دەڵێ . خان و شەمیرەکان لە دڵی خۆیاندا جوێنیان بە حەسەن پاشا دەدا . ئاخر خان و ئەمیرەکان هەمیشە حەسودی بە جێ و مەقامی یەکتر دەبەن . هەردەم هەلپە و ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لە لای خانی گەورە لە هەموان عەزیزتر بن و بتوانن بە کەیفی خۆیان زیاتر باج و سەرانە لە خەڵکی بستێنن و چاکتر عەیش و نۆش بکەن ز حەسەن پاشا لە جێگای خۆی هستا و ئیکلامی کرد و خاکی ژێر پێی خانی گەورەی ماچ کرد و ووتی : خانی گەورە سەلامەت بێ , دەبێ من چ سەگێک بم لە بەرانبەر سێبەری خودا دەمم لێک هەلپچرم , بەڵام ئێستا فرمانی پیرۆزی خودکار لە سەر ئەوەیە کە منی لە سەگ کەمتر قسە بکەم ناچار گوێ ڕایەڵ دەبم و وەک وتوایانە « فرمانی خودکار فرمانی خوداوەندە » حەسەن پاشا دوبارە سەری دانەواندەوە و ووتی : خودکارم سەلامەت بێ , من کۆڕشۆغلو باش دەناسم . ئەو بە هیچ شتێک دا ناساکی و ئارام نابێتەوە مەگەر پەتی سێدارە . بە فرمانی من چاوی باوکە زمان درێژەکەیان دەرهێنا , ئێستاش دەمەوێ بە دەستەکانی خۆم کۆرئۆغلو بختکێنم تا ئەم ڕێگرە مابێ ئاو بە ڕەحەتی لە قورگماندا ناچێتە خوارەوە , دەبێ لەشکر بۆ سەر جنڵی بڵ بخەینەڕێ , لەشکرێکی ئەوەندە گەورە کە تۆز و گەردی بەری خۆر بگرێ و دونیا تاریک داهێنێ و سەری لە رۆژهەڵات بنی لە رۆژ ئاوا بێ . هەڵبەتە دیسان فرمان فرمانی پیرۆزی خودکارە و ئیمە سەگی تۆین و جگە لە چەڵتە چەڵت شتێکی ترمان نیە بیڵیین . حەسەن پاشا سوژدەی بردەوە و خاکی ژێر پێی خودکاری ماچ کرد و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە. کۆڕە کە بی دەنگ بوو . هەموو چاویان لە دەمی خودکار بڕی بوو . لە ئەکامدا خانی گەورە ووتی : ئافەرین , حەسەن پاشا , ئافەرین بۆ هۆش و ئیدراکت . بەراستی سەگێکی بە هۆشی . حەسەن پاشا لەم تاریف و پێدا هەڵگوتنە وەک سەگ چۆن لە بەردەم خاوەنەکەی تا شادی خۆی نیشاندا کلک بادەدا ئەوها کەوتە کلکە لەقێ , زەردەخەنەیەکی هێنایە بەرخۆی . لە پاشدا خودکار ووتی : جگە لە شکر کردنە سەر جنڵی بڵ چارەیەکی دیکەمان نیەن . دەبی لەشکر کردنی ئەم جارەمان بە شێوەیەک بێ , لە گەورەیی‌دا تاشە بەردەکانی جنڵی بڵ بێنێتە لەرزین , حەسەن پاشا , لەم سعاتەوە تۆ دەسەلاتێکی بێ سنورت هەیە کە هەر چونێک بە بەرژەوندی دەزانی سەرباز بگرە و بۆ هەڵمەت بردن ئامادە بە تۆ دەبیتە فەرماندەی هەموو لەشکر . بزانە تەدارەکاتی هێرش چیە و ئیچشی ئەو ئاژاوە چیانەی ناو چیاکان کۆتایی پێ بهێنە . ئەگەر کۆرئۆغلوت ریشە بڕ کرد پاشدان خانی گەورە ڕووی لە مەجلیس کرد و ووتی : دانیشتوانی ئەم کۆڕە بزانن و ئاگادر بن لەم سەعاتەوە حەسەن پاشا فەرماندەی لەشکرە و هەموو دەسەڵاتێکی هەیە . هەر کەسێک لە فرمانی ئەو سەرپێچی بکا . سێدارە چاوەڕێی دەکا . خەڵکی مەجلیسیەکە نەیانزانی چی بڵێن , دڵیان پڕ لە حەسودی و رق و کینە ببوو .

( بەشی سێهەم لە ژمارەی داهاتوو )





# ئالاهەڵگرانی پەیکاری سەرسەختانە و خوێناوی چریکی فیدایی

ڕۆژی هەشتەمی پووشپەڕ , 32 ساڵ بە سەر شەهید بوونی چریکی فیدایی گەل , ڕۆڵەی شۆڕشگێر و پڕ لە هەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان , خەباتگێری ڕێگای ڕزگاری و یەکسانی , هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرف , یەکێک لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی مەزنی ڕێکخراوی ئێمە و 9 هاوڕێتری فیدایی : مەحمەد ڕەزا یەسربی , لایق مهرەبانی , غولام عەلی خەرات پوور ، عەسگر حوسێنی ئەبرەدە , عەلی ئەکبەر وەزیری , مەحمەد حوسێن حەق نەواز , تاهیرە خورەم , یوسف قانع خۆشکە بیجاری و فاتیمە حوسێنی تێدەپەڕێ . ئەو جنگاوەرە کۆمۆنیستانەی کە حەماسەی خۆڕاگری هەست بزوێنی ئەوان لە بەرانبەر بە کرێگیراوانی شا لە هەموو جێگایێک دەنگی داوە ئەمڕۆ پاش تێ پەڕ بوونی 32 ساڵ هێشتا ناوی حەمید ئەشرف وەک جەنگاورێک پڕ لە هەست , شۆڕشگێری سەر سەخت و کۆمۆنیستێکی ڕێکخەر لە سەر ئاڵای خەباتی خوێناوی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵکی ژێر ستەمی ئێران ئەدرەوشێتەوە . کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ناوی حەمید ئەشرف لە خۆراگری بێ وێنە و شەڕەکانی قارەمانانەی دژی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا و بە کرێگیراوانی ئەو , دەناسن . حەمید بە کینە و ڕقی قووڵ بە نیسبەت دوژمن و عەشقی لە بن نەهاتوو بە نیسبەت ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان , لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ گرفت و موشکیلەکانی گەورەی چالاکی و خەباتی نهێنی و لە بەرانبەر لافاوی بەربلاوی هێرشەکانی ڕێژیم ئاوا ویست و ئیرادە و بڕیارێکی هەبوو کە هیچ ڕێگرێک توانای ڕاوەستان لە بەرانبەری ئەو نەبوو . حەمید لە مەودای ساڵەکانی خەبات لە سەنگەری ڕێکخراو , بە ئاشنایی تەواو بە سەر شێوەکانی خەباتی نهێنی , لە گەڵ ئاگری چەکی خۆی ئاوا ترسێک خستە بووە ناو دڵی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا , کە لە پشت دیوارەکانی پارێزراوی خۆیان دا هەست بە ئەمنیەت و ئاسایشیان نەدەکرد . حەمید ئەشرف زۆرتر لە 14 جار ئاڵقەی گەمارۆ و کەمینی پۆلیسی دوژمن بە وریایی بێ وێنە و شەڕی قارەمانانەی هەست بزوێن تێک شکاندە بوو .قارەمانیەکانی هەست بزوێن و شەڕەکانی حەماسەیی ئەو لە نێوان خەڵک وەک موعجزە چاوێ لێ دەرکرا . بەڵام حەمید نەک تەنیا لە کاری نیزامی و شەڕی گەریلایی , بەڵکو لە ڕێکخستن و ڕێبەری سیاسی تەشکیلاتیش لە لێهاتوویی یەک جار زۆر بەهرەمەند بوو. حەمید ئەشرەف پاش زەبرە قۆرسەکانی پۆلیسی ساڵەکانی 1350 - 1349 ی هەتاوی ( 1970 - 1971 ی زائینی ) لەو هاوڕێانەی بوو کە بە ئێرادەیێکی پۆلائین خەریکی نوژەن کردنی تەشکیلات بوو و بە چالاکی شەوانە - ڕۆژانەی خۆی بەردەوامی چالاکی ڕێکخراو تەزمین کرد . هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف بە ئەسڵی ڕێکخستن , ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن و ڕێک و پێک بوونی تەشکیلاتی گرینگی یەکجار زۆری دەدا . لە حالێکدا لە بەرانبەر هاوڕێانی تەشکیلات , خۆی بە زل نەدەزانی و ڕەخنە دەگرت لە هەڵەکان و کەم و



کۆریەکان , لە هەمان حاڵدا لە بەرانبەر بە لاریٚ چوونەکان سەر سەخت بوو و بە توندی لە بەرانبەریان ڕادەوستا . ئەو بە پێداچوونەوەی بەردەوام لە سەر خاڵەکانی لاوازی و بە هێزی رێکخراو و لە بەر چاوگرتنی ئەزموونەکان و کەڵک وەرگرتن لەوان لە خەبات , رێکخستن و رێبەری تەشکیلات بە شێوەیکی خۆڵقێنەر ئوسوڵەکانی فیکری و کردەوەی پێکەوە گرێ دەدا . حەمید بە لە بەر چاو گرتنی ئەم ئەزموونانە زۆر جار رێکخراوی لە ژێر زەبری پۆلیسی بە رێکخستنی سەر لە نوێ ئەو و هەموو ئارەزوەکانی رێژیم پووچەڵ دەکرد و پروپاگەندی سەرکردەکانی رێژیم سەبارەت بە تەواو بوونی کاری رێکخراو بەرپەرچ دایەوە . ئەرکی حەمید ئەشرەف زۆرتر لە هەموو شت لە پاراستن و بەردەوامی چالاکی رێکخراو بوو کە سەرەڕای زەبرەکانی قورسی پۆلیس و دەسگیری و شەهید بوونی رێبەرانی ئەو , دەبوایە وەک تەنیا رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار درێژە بە چالاکی خۆی بدات , تاکو لە ئامانجەکان و ئارمانی چینی کرێکار دیفاع بکات . لەو کاتەدا بوو کە ئەو هەل پەرەستانەی بۆ دروست نیشان دانی ساڵەها بێ کردەوەیی و سەر لێ شێواوی خۆیان , هەر جار کە رێکخراو دەکەوتە بەر هێرشی شێتانەی رێژیم , بە پروپاگەندی دواکەوتووانەی رێژیم پەرە دەدان و دووپاتی دەکردنەوە , گاڵتەیان بە حەماسەکانی قارەمانانەی هاوڕیانی ئێمە دەکرد و هەندێک جار بە شێوەیکی ئاشکرا و بێ شەرمانە هاودەنگ لە گەڵ بەکرێگیراوانی رێژیم ڕایان دەگەیاند کە کاری رێکخراو تەواو بووە . بەڵام هەر جار ئەزموون بە شێوەیکی حاشاهەڵنەگر ئیدیعاکانی بەکرێگیراوانی حکومەتی شا و قسە پڕ و پووچەڵەکانی هەل پەرەستانی بێ کردەوەی ئاشکرا دەکرد و زۆرتر لە پێش دا نیشانی دەدا کە مێژووی خەباتی چینایەتی بە خۆڕاگری و خوێن و حەماسە دەنووسرێ . خەبات یان شەڕی بێ وچانی چینەکانی دژ بە یەک بەردەوام دەبێ . ئامانجەکانی چینی کرێکار و هەژاران




نەک لە رێگاکانی ئاشتی خوازانەی خەباتی چینایەتی , بەڵکو لە رێگاکانی دژوار و لە نێوان ئاگری شەڕە قورسەکان تێ دەپەرێ . رێژیمەکانی دواکەوتوو هەر جار کە هێرشیان هێناوەتە سەر رێکخراوی ئێمە و زەبریان لە ئێمە وەشاندوە , لە دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیان هەزاران جار کاری ئێمە تەواو بوو راگەیاندوون , بەڵام کێیە کە نەزانێ ئەم رێکخراوە کە شکست قبووڵ ناکات بە خوێن و حەماسەی هەر جار بە ئەزموون تر و قایمتر لە پێش دا , لە هەموو شەڕەکان سەر بەرز سەرێ هەڵداوەتەوە و لە رێگای خەبات واتە رێگای خوێناوی شورش بەردەوام بووە . لەو کاتەی کە لە هاوینی ساڵی 1355ی هەتاوی ( 1976ی زائینی ) هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف و 9 کەسێکی تر لە هاوسەنگەرانی پاش چەندین کاتژمێر شەڕی نابەرانبەر شەهید بوون . ئەمڕۆکە لە حاڵێکدا رێز لە یادی هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف و 9 هاوڕێ تری فیدایی هاوسەنگەری دەگرین کە بزووتنەوەی فیدایی و رێکخراوی ئێمە سەدان هەوراز و نشێوی تێپەر کردووە و بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستەکان و سەرکەوتنەکان و لە گەڵ بە کار هێنانی ئەزموونەکانی ڕابردوو , لە نەریتەکانی پڕشنگداری رێبەرانی شەهیدی خۆی فێر دەبێ . ئالای سوورێک کە بە خوێنی هەزاران حەمید ئەشرەف رەنگ کراوە وەک ئالای خوێناوی چینی کرێکاری ئێران لە پێشەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بەرز کراوەتەوە , ئالای خوێناوی خەباتی کینەیی و رووخێنەری ستەم کێشان و چەوساوەکانە .

یادی بەرێز و رێگای پڕ لە رێبوار بێت

# لاپەڕەیەک لەمێژوو ٧

تازە لاوانی ئازیز لە باسی پێشوومان و لە پێداچوونەوەی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەیشتینە کۆتایی دەورانی ئابووری - کۆمەڵایەتی کوێلەداری و ئێستاکە دەورانی پاش دەورانی کوێلەداری واتە دەورانی ئابووری - کۆمەلایەتی دەرەبەگایەتی دەخەینە بەر باس و تایبەتمەندیەکانی ئەم دەورەیە بۆ ئێوە شی دەکەینەوە . دەرەبەگایەتی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی - ئابوورییەیە کە لە ئاکامی هەلوەشان و لە ناوچوونی کۆمەڵگای کوێلەداری و یان راستەوخۆ لە ئاکامی لە ناوچوونی کۆمۆنی سەرەتایی لە گەل تایبەتمەندیەکانی تایبەت بە خۆی لە هەر ولاتێک ، لەوانەیە لە زۆربەی هەرە زۆری شوێنەکانی جیهاندا بە وجود هاتە بێت . هۆیەکانی پەیدا بوونی دەرەبەگایەتی لە شێوازی سەرەتایی خۆیدا هۆکارەکانی ئەم دەورانەدا لە ناوخۆی کۆمەڵگای کوێلەداری وەک کولون سەری هەڵدا . کولونەکان بریتی بوون لە کوێلەکانی ئازاد کراو و یان زەحمەتکێشانی ئازاد واتە غەیری کوێلە کە پارچەکانی بچووکی زەوی بە مەرجی دیاریکراو وەردەگرتن و دەبوایە زەوی مالیکی گەورەی زەوی بکێلن و بەشێکی گەورە لە بەرهەمەکە وەک کەلوپەلّ و یان نەقدی تەسلیمی مالیک بکەن و موقەرەریەکانی تر وەک بێگاری ( کاری بێ موزد ) و مالیات و . . . دابین بکەن . لە کۆتائیەکانی دەورانی کوێلەداری ، کار بەم شێوەیە ، سوودی زیاتری کردە نسیبی کوێلەداران و خواجەکان. جوتیارانی تازە ، وابەستە بوونە زەوی بە واتایکی تر لە گەل زەوی دەیان کرین و دەیان فرۆشتن ، بەلاّم چیتر بەندەی زەرخەرید نەبوون . ئەم جۆرە تازەیە لە زەحمەتکێشان کە بە زمانی رووسی پێیان دەوترا کولون نیاکانی سرفەکان و یان رەعیەتەکانی سەدەی ناوەراست بوون . بە تێپەڕ بوونی کات و زەمان جیاوازی لە نێوان کوێلە ئازاد کراوەکان ، کولونەکان ، و جووتیارانی ئازاد لە ناو چوو و هەموویان بوونە کۆمەلێکی بەربلاّو و گەورە و یەک دەست « رەعیەت » کە لە رۆژئاواد بە سرف بەناوبانگە . هەر بۆیە ناوێکی دیکەی قۆناغ و یان دەورانی دەرەبەگایەتی سرواژە . لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - ئابووری دەرەبەگایەتی ، چینەکانی سەرەکی بریتی بوون لە جووتیارانی رەعیەت ( سوود گەێنەران ) و مالیکانی دەرەبەگ ( سوود وەرگران ) . هۆکاری شۆڕشگێرانە لەم قۆناغەدا هەمیشە جووتیاران و پیشەوەران بوون . لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەلاتی کۆندا بە پێ ئەو لێکۆلینەوانەی کە ئەنجام دراون لە زاهیردا دابەش بوونی ئەساسی ئەفرادی کۆمەڵگا بە ئازاد و کوێلە رووی نەداوە ، بەڵکو دابەش بوونی کۆمەڵگا بە دوو گروپی هەژار و دەوڵەمەند رووی داوە . سەروک عەشیرەتەکان ، فەرماندەکانی شەڕ ، پیاوە ئائینیەکان و پێشەواکان بە هۆی ئەرکەکانی تایبەت و زیاتر لە یەکی خۆیان وەک پاراستنی ئەمنیەت ، چاودێری بە سەر دابەش بوونی نورەیی زەویەکان ، ئاودێری ، ئاژەڵداری و . . . بوونە خاوەن گرێنگی و هێز و دەسەلاّت و سەروەت و سامان و توێژبەندی ناوخۆیی کۆمەڵگای عەشیرەیی سەرتایی لە نێوان ئەوان و کۆمەڵێکی زۆری هەژاری عەشیرەتەکان رووی دا . پێکهاتنی یەکێتیەکانی عەشیرەتەکان و پاشان پاشایەتیەکان و بە وجود هاتنی ئەشراف و هێزی دەوڵەتی مونسەجم و موتەمەرکز و و بە تەواوەتی ئیستبدادی رێگای پەرەساندن وە گەشەکردنی ئەم کۆمەڵگایانە بوو کە لە ئەواندا رێژیمی کوێلەداری نەیتوانی بە تەواوەتی زاڵ بێت . کوێلەکان ئەگەر چی هەبوون بەلام هەرگیز وەک چینێکی سەرەکی و هێزی سەرەکی کۆمەڵگا نەبوون ، کوێلەیی بە شێوەیکی گشتی وەک کوێلاتی مالاّن مایەوە . هێزەکانی بەرهەم هێنەر - قۆناغی دەرەبەگایەتی قۆناغێکی زەروری پەرەساندن و گەشەکردنی کۆمەڵگای ئینسانیە و بە وجود هاتنی ئەو لە کاتی خۆیدا

PARASILKA

یارمەتیی دایە گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر . بەشی ئەساسی بەرهەم هێنان لەم قۆناغەدا کشتوکاڵە . کاری کۆمەڵانی جووتیاری وابەستە بە زەوی کە هەر کامیان پارچە زەویەکیان دەکێڵا و خاوەن ئامرازی بەرهەم هێنانی خۆیان بوون و تا ڕادەیەک خۆیان لە بەرووپێش چوونی کشتوکاڵ شەریک قازانج دەزانی ، توانی ئەو کۆسپانەی کە لەو دەورەیە لە سەر ڕێگای گەشەکردن و پەرەساندنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر وجودی هەبوو ، لا ببات . لە سەرەتای ئەم دەورانەدا ئامرازەکانی کشتوکاڵ ، خیشی چووی و ئاسنی ، داس و بێڵ بوو و پاشان گاو ئاسنی چەرخدار و شئامرازەکانی کشتوکاڵی دەندانەدار و پاشان بەرە بەرە ئاسیاوی بادی و یان ئاوی و . . . بە وجود هات . ئاستی بەرهەم هێنان چووە سەرەوە ، بەرهەمەکان جۆراوجۆر بوو ، ئاژەڵداری گەشەی کرد ، پیشەوەری بەرە بەرە بە تەواوەتی لە کشتوکاڵ جیا کرایەوە ، کار و حرفەی تازە پەیدا بوو و لە کۆتاییدا ئاسنگەری ، کشتی وانی و کەڵک وەرگرتن لە هێزی ئاو و چەرخ و . . . تەعسیری گرینگی هەبوو لە سەر پێشکەوتنی کاروباری سەنعەتی . بە شێوەیەک کە چیتر گەشە کردن و پەرەساندنی بەرهەم هێنان لە داهاتوودا لە چوارچێوەی تەسکی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی مومکین نەبوو . پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان - پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی لە سەر ئەساسی مالکیەتی ئەرباب بە سەر زەوی و مالکیەتی سنوورداری ئەو بە سەر رەعیەت دامەزرا بوو . رەعیت کوێلە نەبوو ، ئیختیاری گیانی ئەو لە دەستی مالیک نەبوو و ڕاستەوخۆ نەدەفرۆشرا ، هەرچەند لە گەڵ زەویەک کە دەفرۆشرا دەدرایە مالیکی تازە . لە ولاتانی رۆژهەلات زۆربەی جووتیاران بە شیوەی کلاسیک وابەستی نەبوونە زەوی و زۆرتر قەرزدار بوونی ئەوان بە مالیکەکان ئەوانیان لە باری ئابووری وابەستە دەکرد . رەعیەت لە بەرهەمدا بەشێکی تایبەت بە خۆی هەبوو . لەم دەورانەدا هەم مالکیەتی دەرەبەگایەتی و هەم مالکیەتی تاکەکەسی جووتیاران و پیشەوەر بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان تێکرا وجودی هەبوو . زێدە بەرهەمی رەعیەت تەسلیمی ئەرباب دەکرا کە پێیان دەوت سوودی مالیکانە و یان سوودی ئەربابی . بە گشتی دا ڕووبەڕووی سێ جۆرە سوودی مالیکانە : کار سوود یان بێگاری ، سوودی جنسی و سوودی نەقدی دەبین کە زۆر و یان کەم لە گەڵ یەکتردا وجودیان هەبوو ، بەلام لە قۆناغەکانی جۆراوجۆری پەرەساندن و گەشە کردنی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی یەکێک لە شێوەکانی ئاماژە پێکراو زال دەبوو . شێوەی زاڵی چەوساندنەوەی جووتیاران لە قۆناغی سەرەتایی دەورانی دەرەبەگایەتی کار سوود بوو ، بەو مانایە کە جووتیار رۆژەکانی دیاریکراو لە هەفتەدا راستەوخۆ بۆ ئەرباب و لە سەر زەوی ئەو کاری دەکرد و بەم شێوەیە بە زمانی ئابووریدا کاتی کاری زیادەی ئەو لە باری کات و جێگادا بە تەواوەتی دیاریکراو بوو . سوودی جنسی تەسلیم کردنی بەشێک لە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی بوو . سوودی نەقدی بە مانای دانی سوودی مالیکانە بە پولە ( دراوە ) . سوودی نەقدی تایبەتمەندی



دەورانێکە کە دەرەبەگایەتی لە حاڵەتی هەڵوەشانەوە و لە ناوچوونە و پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بەرە بەرە نفوز دەکانە ناو بەرهەم هێنانـدا . سەرەرای ئەم سوودە بەردەوامە مالیکانەیە ، ئەرباب زنجیرەیەک عەوراز و مالیاتی بە سەر جووتیاران دادەسەپاند . ئاشکرایە کە هەر ولات و یان کۆمەڵە ولاتانێک خاوەن تایبەتمەندیەکانی دەرەبەگایەتی تایبەت بە خۆیان هەبوون . بۆ نموونە لە ولاتانی کۆنی رۆژهەلاتدا بۆ ماوەیکی دوور و درێژ پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی لە گەل پاشماوەکانی دەورانەکانی پێش لە خۆی تێکەڵ ببوو . مالکیەتی دەوڵەتی بە سەر زەوی و مالکیەتی پاشاکان شمولی بەشێکی گەورەی لە زەویەکان دەکرد . ئاودێری ناسرووشتی ، قەناتەکان و شەبەکەکانی ئاودێری و مالیک بوونی دەوڵەت و ئەشرافەکان بە سەر ئەوان تایبەتمەندیەکانی تایبەت بە خۆیی بە وجود دەهێنا . ئەم تایبەتمەندیانە کە بە « شێوە و یان شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسیایی » ناسراوە ، خۆی بە خۆی لە لایەن لێکۆلێنەران و زانایان باسی لە سەر دەکرێ . یاسای ئەساسی ئابووری دەرەبەگایەتی بریتیە لە بەرهەم هێنانی زێدە بەرهەم بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی دەورانی دەرەبەگ و چەوساندنەوەی جووتیارانی وابەستە لە سەر ئەساسی مالکیەتی ئەرباب بە سەر زەوی و مالکیەتی سنووورداری ئەو بە نیسبەت جووتیاران ، لە رێگای کار سوود ( بێگاری ) ، سوودی جنسی و نەقدی و عەوارز و مالیاتەکانی تر . لە سەرەتای ئەم دەورانەدا ئابووری سرووشتی بە تەواوی زال بوو و مەبەست لە ئابووری سرووشتی وابەستە ئەوەیە کە هەر ئەربابێک لە میلکەکانی خۆیدا لە عەواید و سوودێک کە لە چەوساندنەوەی جووتیاران بە دەست دێنێ چیان دەکات و زۆربەی هەرە زۆری پێویستیەکانی خۆی و خزمەتکارانی ئەو لە میلکەکانی دابین دەکرا و زۆر کەم رووی دەدا کە لە گەل دەرەوەی ئەو شوێنەدا ئالوگور پێکردنی پێداویستیەکان ئەنجام بدرێ . ئابووری جووتیاریش لە سەر هەر ئەم ئەساسەدا دامەزرا بوو و بنەماڵەی جووتیاری خەریکی کاروباری پیشەوەریش بوو و زۆربەی پێویستەکانی خۆی بە خۆی دابین دەکرد . پاشان بەرە بەرە لە گەڵ پەرەساندن و گەورە بوونی شارەکان بەرهەم هێنانی پیشەوەری و دابەش بوونی کار و ئالوگور پێکردن لە نێوان شار و دێ پەرەی ساند و مەجبوورەن دەرگاکانی ئابووری سرووشتی بەرەو دەرەوە کرایەوە و بازار پەرەی ساند . پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی لە قۆناغێکی دیاریکراو لە پەرەساندن و گەشە کردنی دەورانی دەرەبەگایەتی دەبێتە سەد و رێگرێک لە بەر دەم رێگای پەرەساندن و گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر . لە گەڵ گەشە کردنی بەرهەم هێنانی کالایی هۆکارەکگانی کەم یان زۆر شکڵ گرتووی پێکهاتەی سەرمایەداری پەیدا بوو . راپەرینەکان و شەرەکانی جووتیاری پایەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیی سست کرد و کۆمەڵگا رێگای پەرەساندن و گەشە کردنی خۆی بەرەو دەورانی بەرزتر دەکاتەوە .

« هەر شاد بن »

سوسیالیزم و کۆمۆنیزم ، نە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ دوستانە بووە و نە واتای پەرستینە کە لە خەونەکانی رێفۆرم خوازانی کۆمەلایەتی و لە ئاواتە خاوەکانی مرۆڤانی بێ دەسەلات لە بەرانبەر رووداوەکان و کارەساتەکانی مێژوو و سرووشتی پەیدا بووبێت . کۆمۆنیزم بەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوو و ئاکامی تێکەڵ چوونی دووچینی دژ بەیەکی کۆمەڵە ، چینی کرێکار و چینی سەرمایەدارە کە دوو چینی سەرەکی کۆەڵگای سەرمایەداری سەردەم پێک دێنن.

# منداڵانی سەرشەقام و ڕاپۆرتێك لە بارەی ئەوان

( بەشی کۆتایی )



دەڵێ ناوم حەسەنە ئاغا .

دەپرسم تەمەنت چەندە ؟

دەڵێ هەفت ساڵ .

دەچیتە قوتابخانە ؟

نە قوتانخانە کەمان داخستوون . چە کسێک قوتابخانەکەتیان داخستوون ؟

مالیک ئاغا , بڕیاری چۆڵ کردنی وەر گرتبوو وە قوتابخانەکەی داخست .

بۆ چی نەڕۆیشتیتە قوتانخانێکی تر ؟ ڕێگاکەی دوور بوو بۆیە قوتابخانەێکیش لە نزیکی ئێمە نەبوو کە بخوێنین . چەند براو خوشکین ؟ سێ برا و سێ خوشک . هەمووتان کار دەکەین ؟ نە ئاغا , یەکێک لە خوشکەکانم نەخۆشە و ناتوانی کار بکات ز ئەدی ئەوانەیتر ؟ بەڵێ , کار دەکەن .

باوکت چی ؟ ئەویش کار دەکات ؟

ئەویش کار دەکات بەلاّم ئەگەر بۆی کار بێت . کرێکارە و دەچێتە مەیدانی کار . ڕۆژێک کار هەیە و ڕۆژێک کار نیە , بەلاّم ئەو ڕۆژەیش کە کار نیە لە مەیدان ڕادەوەستی تاکو بۆی کار پەیدا بێت .

چ لە پوولەکەت ( پارەکەت ) دەکەی ؟

دەکەمەی سێ بەش , بەشێک بۆ خەرجی ماڵ , بەشێک بۆ خەرجی دەرمان و دوکتوری خوشکەکەم و بەشەکەیتری لە لای دایکم وەک پاشکەوت دادەنێم تا بۆ ساڵێکی دیکە بتوانم بچمە قوتابخانە . ئەمویست لە ئەو خودا حافزی بکەم کەخانمێکی تەمەن مام ناوەندی بە سەر و وەزعێکی ڕێک و پێک هاتە بۆ لای ئێمە و گوتی ئاغا لە کەرەجەوە هاتوومەتە تاران بەو هیوایە کە لە مالێک دا کاری ناو ماڵان بکەم , بەلاّم لە بەرەبەیانی تاکو ئەم کاتە دا هەموو کوڵان و گەرەکەکان ژێر پێ ناوم و کەسێک کاری پێ نەداوم . مێردەکەم کرێکار بوو و ساڵی ڕابردوو مرد و سێ کچم هەیە , ئێستا تەنانەت پوولی کرێ ماشین بۆ گەرانەوە بۆ کەرەجم پێ نیە , ئەگەر بۆت دەکرێ پوولی کرێ ماشینەکەم بدەی . دەم و چاوی سوور وەرگەرا , دیار بوو کە یەکەمین جارە داوای پوول دەکات . لەوێ پرسیارم کرد کە لە بەر چی لەم هەموو ڕێبوارە منی هەڵبژاردە بوو ؟ گوتی بۆ ماوەی سەعاتێکە لە گۆشەێکی ڕاوەستاوم , هەرچم کرد نەمتوانی بە کەسێک بلێم تا ئەوەی کە بینیم ئێوە لە گەڵ ئەم کورە بە میهرەبانی قسەت دەکرد , ئەمە بوو کە باشتر زانیم لە ئێوە داوای پوول بکەم . لە پێش چاوی من حەسەن دانیشت و لە سەر زەوی سی دانە پوولی ئاسنی بیست و پێنج تمەنی لە گیرفانی دەرهێنا و پاشان دە دانە لە پوولە ئاسنەکانی دایە ئەو ژنە . ژن وەری نەدەگرت و دەیگوت , نە تۆ لە من چارە ڕەشتری . من بە ئەو ژنە ئیشارەتێکم کرد کە وەری گرێت و بە ئیشارەت تێم گەیاند کە من بۆ حەسەن قەرەبووی دەکەم . ژن لە حاڵێکدا فرمێسک لە چاوی وەرێ کەوت حەسەن ماچ کرد و پوولەکەی وەر گرت و ڕۆیشت . من بە حەسەنم پێنج سەد تمەن دا , حەسەن وتی نە ئاغا , ئەمهەوێ خێرەکەی هینی

خۆم بێت . گوتم , حەسەن گیان , خێرەکەی هینی خۆتە , من ئەمەم وەک خەلاَتی پیاوەتی بە تۆ داوە و خودا حافیزیم لیَ کرد و دوور کەوتم . لە ناو پاسا‌ژێک دا کورێکی بچووک پێنج سالاَن بە چەند بنیشتێک لە سەر زەوی دانیشتبوو و دەپارایەوە کە خەلَک بینیشتی لیَ بکرن , چووم بەرەولای و پاش سلاَو کردن ناوی لیَ پرسیم , وتی , ئەمیر , وتم ئەمیر گیان تەمەنت چەندە ؟ بە قامکەکانی دەستێکی وتی , پێنج .

باشە ئەمیر چەند برا و چەند خوشکت هەیە ؟

دوو برا و دوو خوشک . هەموویان کار دەکەن ؟

نە خوشکەکانم بچووکن . باوکت دەلَیَ کار بکەن ؟ بەلَیَ خۆیشی کار دەکات ؟ بەلَیَ ئاغا , چەرخ ( ئارەبانەی ) هەیە و بار دەکیشێ . بەستەیێکی بنیشت لە ئەو دەکڕم , کاتێک لیَ دەپرسم چەند دەبیَ , دەلَیَ شایانی نیە .

لە قەراخ شەقامەکە کچێکی دە یان دوانزە سالاَن ڕاوەستاوە و بەو ڕادەیە خۆی ڕازاندوتەوە کە ئەکریَ بە جێگای بووکەکانی پشت شووشەی دوکانەکان تەماشای بکەی . ماشینێکی مودیل پراید لە حالَێکدا دوو لاو سواری ئەو بوون و دەنگی گورانی ناو ماشینەکەیان تاکو ئاخیر دەرەجە بە گویَ دەگەیشت , لە پێش پێی کچەکە ڕاوەستان و منیش لە ناو ئەو دەنگە دەنگە تەنیا لە قسەی نێوان ئەوان سیَ تمەن بە گوێم گەیشت .

ئەی , ئەی ولاَت , بە سەر هاتی تۆ چیە ؟



بەرهەم هێنان لە دەورانی کۆمۆنیزم دا بە چ شێوەیێکە . کۆلەکەکانی ئابووری خاوەن ملَکایەتی لە کۆمەلَگای کۆمۆنیستی وەك سوسیالیزمە بەلاَم ئەم کۆمەلَگایە خاوەن تایبەتمەندیەکانی خۆیە .

بەرهەم هێنان لە کۆمۆنیزمدا چۆنە . کۆمۆنیزم زیاد بوونی بەردەوامی بەرهەم هێنانی کۆمەلاَیەتی و بردنە سەرەوی بازدەی کار لە سەر ئەساسی پێشکەوتنی خێرای زانست و تەکنیك دابین دەکات ، مرۆڤ موجەهەز دەکاتە مودیرنترین و بە هێزترین تەکنیکی سەردەم ، مرۆڤ بە شێوەیێکی بیَ وێنە بە سەر سرووشت زالَ دەکات و ئەم ئیمکانەی بۆ دەرەخسێنیَ تاکو هەرە چی زیاتر لە هێزەکانی سرووشت کەلَك وەر بگریَ . ئابووری لە بەرزترین ئاستی خۆی ڕیَك دەخرێت و لە سروەتەکانی مادی و سرووشتی و سەرچاوەکانی هێزی کاری مرۆڤ بە کەلَك ترین و مەعقولترین شێوەی مومکین بۆ دابین کردنی پیویستیەکانی هەردەم لە زیاد بوونی کۆمەلَگا ئیستفادە دەکریَ .